# دەفرەکان داپۆشن ،کوندەکان ببەستنەوە، ودەرگاکان دابخەن، وڕۆشناییەکان بکوژێننەوە؛ شەیتان کوندەکان ناکاتەوە، ودەرگا ناکاتەوە، و(سەری) دەفرە داپۆشراوەکان لانادات

له جابره‌وه -ڕه‌زای خوای لێبێت- كه پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- ده‌فه‌رموێت: «ده‌فره‌كان داپۆشن ،كونده‌كان* ببه‌ستنه‌وه‌، وده‌رگاكان دابخه‌ن، وڕۆشناییه‌كان** بكوژێننه‌وه‌؛ شه‌یتان كونده‌كان ناكاته‌وه‌، وده‌رگا ناكاته‌وه‌، و(سه‌ری) ده‌فره‌ داپۆشراوه‌كان لانادات، ئه‌گه‌ر یه‌كێكتان هیچ شتێكی ده‌ستنه‌كه‌وت كه‌ ده‌فره‌كانی پێ داپۆشێت جگه‌ له‌ لقه‌ دارێكی بچووك نه‌بێت، با ناوی خودا بهێنێت، وئه‌نجامی بدات^، چونكه‌ مشك خانوو ده‌سووتێنێت له‌كاتێكدا نیشته‌جێبووانی له‌ نێویدان». *(كونده‌: له‌ پێستی ئاژه‌ڵ دروستده‌كرێت ئاو وشیر وشتی تری تێدا هه‌ڵده‌گیرێت له‌ گونده‌كاندا زۆرجار هه‌یه‌)، **(ڕۆشنایی: وه‌كو گڵۆپ ومۆم وهه‌رشتێكی تر كه‌ ڕووناكی ببه‌خشێت به‌تایبه‌ت ئه‌گه‌ر له‌ ئاگر بێت)، ^(با ناوی خودا بهێنێت وئه‌نجامی بدات: واتا پاش ئه‌وی ناوی خودای هێنا -ووتی: بسم الله- ئه‌وا با سه‌ری ده‌فره‌كه‌ به‌و لقه‌ داره‌ داپۆشێت)

[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- فه‌رمانیكردووه‌ به‌وه‌ی ده‌فره‌كان داپۆشین، ئه‌میش بۆئه‌وه‌ی پارێزراو بێت له‌ مێرووه‌كان، وهه‌موو شتێكی زیانبه‌خش، وله‌وه‌یه‌ نه‌خۆشی بۆ نێویان دابه‌زێت، وده‌بێت ده‌می كونده‌كان* ببه‌ستینه‌وه‌، وده‌رگاكان دابخه‌ین چونكه‌ ئه‌مانه‌ سوود وبه‌رژه‌وه‌ندی ئاینی ودونیایی تێدایه‌ وپاراستنی نه‌فس وماڵه‌ له‌ خه‌ڵكی خراپ وتێكده‌ر. وهه‌روه‌ها ڕێنموێنی كردووه‌ بۆ كوژاندنه‌وه‌ی ڕۆشناییه‌كان** چونكه‌ ئه‌مه‌ پاراستنی ماڵی وخێزانی تێدایه‌ له‌ زیانی سووتان به‌تایبه‌ت ئه‌گه‌ر ڕۆشناییه‌كه‌ له‌ ئاگر بێت. وفه‌رمووده‌كه‌ باسی خه‌وتن ده‌كات له‌ شه‌ودا، وباسی ئه‌وه‌ ده‌كات كه‌ شه‌یتان ناتوانێت سه‌ری مه‌نجه‌ڵ یان ده‌می كونده‌یه‌ك لاببات ئه‌گه‌ر دابخرێن، وناتوانێت ده‌رگا بكاته‌وه‌، وئه‌گه‌ر شتێك نه‌بوو بكرێته‌ سه‌ری ئه‌و مه‌نجه‌ڵانه‌ به‌شێوه‌یه‌ك ناوه‌وه‌ی ده‌ركه‌وت یان هه‌ندێكی ده‌ركه‌وت؛ ئه‌وا شتێك وه‌كو لقه‌ دارێك ده‌خاته‌ سه‌ری وئه‌مه‌ شوێنی قه‌پاغی سه‌ری ده‌فره‌كه‌ ده‌گرێته‌وه‌، وپێویسته‌ له‌ كاتی دانانی شتێك له‌سه‌ری مه‌نجه‌ڵ یان به‌ستنی ده‌می كونده‌ك یان داخستنی ده‌رگادا مرۆڤ ناوی خودا بهێنێت (بڵێت: بسم الله)، وباسی ئه‌وه‌ی كردووه‌ كه‌ ڕۆشنكه‌ره‌وه‌كان به‌تایبه‌ت ئه‌وانه‌ی به‌ ئاگر كارده‌كه‌ن ئه‌گه‌ر له‌ كاتی خه‌وتندا مرۆڤ نه‌یانكوژێنێته‌وه‌؛ ئه‌وا مشكه‌كان یاری پێده‌كه‌ن وده‌بنه‌ هۆی سووتانی خێزان وماڵ له‌ كاتی خه‌وتندا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8925